# غەزای بەدری گەورە..چەند پەند و ئامۆژگارێیك

[ به كوردی ]

# غزوة بدر الكبرى... دروس وعبر

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : عەبدوڵلە سابیر گەرمیانی

الكاتب : عبد الله صابر كرمياني

پێداچونەوەی : پشتیوان سابیر عزیز

المراجعة : بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# غەزای بەدری گەورە..چەند پەند و ئامۆژگارێیك

مانگی ڕەمەزانن مانگی جیهاد و خۆبەخشین و عیزەتە، وەمێژوی موسڵمانان پڕ و دەوڵەمەندەلەباس کردنی سەرکەوتن بەسەر کوفردا لەم مانگەپیرۆزەدا...

یەکێك لەو جەنگەبەناوبانگەی موسڵمانان کەلەم مانگەپیرۆزەدا ڕوییدا، بریتیەلەجەنگی " بدر الكبرى " .

ڕۆژی بەدر ئەو ڕۆژەیەکەوا جیاکردنەوەبوو لەنێوان ئەهلی باوەڕدار و بێ باوەڕ، خوای گەورەدەفەرموێت: { وَمَا أَنْزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ } ( سورة الأنفال:41) .

وەڕۆژی بەدر جیاکردنەویە لەنێوان دوو قوناغ لەمێژووی موسڵمانان، قوناغی ئارامگرتن لەسەر ناڕەحەتی و ئەزیتدان و سوکایەتی پێکردن، وەلەنێوان قوناغی واجب بوونی قیتال و گەڕان بەدوای ئەهلی کوفردا، خوای گەورەدەفەرموێت: { أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ) (سورة الحج:39) . وەخوای گەورەدەفەرموێت : { فَإِذَا انسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (التوبة:5) وەخوای گەورەدەفەرموێت :{ وَإِنْ نَكَثُوا أَيْمَانَهُمْ مِنْ بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُوا فِي دِينِكُمْ فَقَاتِلُوا أَئِمَّةَ الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لا أَيْمَانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنْتَهُونَ) (التوبة:12) وەخوای گەورەدەفەرموێت :{ وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ } (التوبة:36) .

وەشەڕی بەدر نموونەیەکی زۆر جوانە بۆ زیرەکییەکی بێ وێنە، کەوا ئەهلی باوەڕدار و ئەوانەی کەدڵنیان بە بەڵێنی خوای گەورە ، وەلەو بارەوەخوای گەورەدەفەرموێت :{ إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْداً عَلَيْهِ حَقّاً فِي التَّوْرَاةِ وَالْأِنْجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُمْ بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ) (التوبة:111) .

وەلەپاش ئەم پێشەکیەپێم خۆشەچەند وانەو پەند و ئامۆژگارێکی بەسوودی وەرکیراو لەغەزای بەدر کەش بەئێوەی ئازیز بکەم :

یەکەم:دروستەموسڵمانان ڕێگەبگرن لەقافلەی بێ باوەڕان [ ئەمەش بەڕازی بوونی پێشەوای موسڵمانان دەبێت ]،قورتوبی ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموێت: " دەرچونی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بۆ بەدەسهێنانی قافڵەبازرگانیەکەی قورەیش بەڵگەیەلەسەر حەڵاڵ بوونی پارەی بێ باوەڕان ".

دووەم: دەرچونی بێ باوەڕان بۆ جەنگ کردن لەگەڵ موسڵمانان تەنها لەبەر ئەوەیەگەندەڵی بڵاو ببێتەوەلەسەر زەوی و کەس نەمێنێت بڵێیت " لا إله إلا الله " ، وەخوای گەورەئاگاداری کردوین لەو مەبەستەگڵاوەیان، خوای گەورەدەفەرموێت: { وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ) (البقرة:217) .

جەنگی نێوان موسڵمانان و بێ باوەڕان بەردەوامەتا رۆژی کۆتایی، وەئەگەر موسڵمانان بیانەوێت ئەو جەنگە ڕاگرن ئەوەنرخەکەی تەنها وازهێنانیانەلە ئاینەکەیان، خوای گەورەدەفەرموێت: { وَلَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلا النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ } (البقرة:120) .

سێیەم:دروستەموسڵمانان چاوەکان ( العيون ) بەکار بهێنن لەسەر بێ باوەڕ و ئەهلی جەنگ، ئەوەتا پێغەمبەری خوا )صلى الله عليه وسلم) سێ هاوەڵی خۆی نارد بۆ ئەوەی بزانێت قەبارەی دوژمنان چەندە.

چوارەم:گرنگەپێشەوای موسڵمانان ڕاوێژی شوێنکەوتوانی خۆی بکات، بەتایبەت خەڵکانی تێگەیشت و ژیر و دانا، هەروەها ئەوانەی شارەزاییان هەیەدەربارەی جەنگ.

پێنجەم:جەنگی بەدر ئازایەتی هاوڵەکانی پێغەمبەری خوای ئاشکرا کرد.

شەشەم:خوای گەورەئەو باوەڕدارانەجێگر دەکات کەدردەچن بۆ بەرگری کردن لەئاینی پیرۆزی ئیسلام.

حەوتەم: دروستە پێشەوای موسڵمانان ئاگادار بکرێتەوەلەهەر شتێك سودی هەبێت بۆ سوپای موسڵمانان .

هەشتەم: زیرەکی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ، کەوا لەناو جەرگەی جەنگەکەدا لەگەڵ هاوەڵەکانی شان بەشان بوو و ریزی موسڵمانانی ڕێك دەخست.

نۆیەم: سەرکەوتن تەنها لەلایەن خوای گەورەیەوەیە، بۆیەدەبێت موسڵمانان داوای سەرکەوتن تەنها لەخوای گەورەبکەن و، پاشان هۆکارەکانی سەرکەوتن ڕەچاو بکەن.

دەیەم: خوای گەورەئەو کەسانەتەوفیق ناکات کەشیرك و بێ باوەڕی دەکەن و دژایەتی ئاینی پیرۆزی خوا دەکەن، وەدوارۆژیش هەر بۆ ئەو کەسانەیەکەلەخوای گەورەدەترسن.

یازدەهەم: دروستەهێزو توانا ئاشکرا بکرێت بەرامبەر بێ باوەڕان، بۆ ئەوەی بیان ترسێنن .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين